Consulate General of the United States of America

Erbil, Iraq

بلاوکراوەی راگەیەندن
4ی ئەیلول 2015
هەولێر
بۆ بلاوکردنەوەی دەستبەجێ

کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لەهەولێر بەخێرهاتنی کونسوڵ ماتیاس میتمان دەکات

لە تەممووزی 2015 ماتیاس میتمان بووبە کونسوڵی گشتی لەکونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر. لەوتەیەکدا کونسوڵ میتمان گوتی ''خوشحاڵم بەوەرگرتنی بەرپرسیاریەتی کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لەهەولێر. بەهیوای پەیوەندی و تێکەڵکێشی لەگەڵ خەڵک و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی هەماهەنگی وپەیوەندی ئابووری وە پەیوەندی نێوان خەڵکی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکو هەرێمی کوردستانی عێراق.''

میتمان پێشتر وەک کونسوڵی گشتی لە بەسرە خزمەتی کردوە لەموەی نێوان 2013 –2015،وە لە دواترین گەشتیدا بۆ واشینتۆن،وەک بریکاری جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ سیاسەتی ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و دانوستانەکان و. لە نوسینگەی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی وەک بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەمکردنەوەی هەڕەشە هوبەشەکان کاری کردوە. هەروەها لە نێوان ساڵانی 2006 –2008 لە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەتەوەیی وەک لێپرسراوی کاروباری عێراق کاری کردوە و بەرپرسی سیاسەتی ئابووری ئەمریکی لە عێراق وتێکەڵکێشیە نێودەوڵەتیەکان بووە. ماتیاس پێش پەیوەندی کردنی بە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەتەوەیی وەک گەورە ڕاوێژکاری ئابووری لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بەغداد دەستنیشان کرابوو.

ماتیاس ئەندامی پیشەییە لەکاروباری خزمەتی باڵای دەرەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا،وەپێش دەستبەکاربونی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە لە زانکۆی بۆڵ ستەیت و انەی ئابووری وتۆتەوە وەک مامۆستای یاریدەدەر.

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بەنوسینگەی ڕاگەیەندنی کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکوە بکەن لەڕێی 07704431653 یان
Hamakhansh@state.gov

###